هەواڵی ڕۆژنامەوانی ساڵانە بۆ 2015
دەرچوو : ئادار/ 2016

## لە ساڵی 2015 ژمارەی پێوانەیی لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 150.1 ٪

نیشاندەری هەڵاوسان لە ساڵی 2015 بە ڕێژەی 0.7٪ نزم بوویەتەوە بە بەراورد لەگەڵ 4.0٪ لە ساڵی 2014 و بە ڕێژەی 50.1٪ بەرز بونەوە پێشان دەدات بە بەراورد لە گەڵ ساڵی 2007 (ساڵی بنەڕەت)

### بەراوردی ژمارەی پێوانەیی نرخی بەکاربەر لە ساڵی 2008-2015

| ساڵ | ژمارەی پێوانەیی | ڕێژەی هەڵاوسان بە پێی ساڵی 2007 (بنەڕەت) | جیاوازی ڕێژەی هەڵاوسان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتر وەك ساڵی بنەڕەت |
|---|---|---|---|
| 2008 | 131.7 | / | / |
| 2009 | 126.6 | 26.6 | / |
| 2010 | 127.5 | 27.5 | 0.8 |
| 2011 | 129.9 | 29.9 | 1.9 |
| 2012 | 139.2 | 39.2 | 7.2 |
| 2013 | 143.3 | 43.3 | 2.9 |
| 2014 | 148.9 | 48.9 | 4.0 |
| 2015 | 150.1 | 50.1 | 0.7 |

لە خشتەی سەرەوەدا، نیشاندەری ژمارەی پێوانەیی و تێکڕای ڕێژەی هەڵاوسان پێشاندراوە بۆ ساڵانی 2008-2015 و تێکڕای هەڵاوسانی ساڵانە لە سەر بنەمای ساڵی بنەڕەت (2007) و ساڵانی 2009-2014 کە لێرە بە ساڵانی بەراورد ناسراون بە پێی گۆڕینیان.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە جیاوازیەکی بەرچاو لە ژمارەی پێوانەیی نێوان ساڵەکانی 2008-2009 بەدی دەکرێت کە ژمارەی پێوانەیی دابەزیوە لە 131.7 بۆ 126.6 بەهۆی ئەوە کە لە ساڵی 2008 تەنها داتا بۆ حەوت مانگی کۆتایی ئەم ساڵە کۆکراوەتەوە و ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر ڕێژەی ژمارەی پێوانەیی کە ڕێژەکە ئاسایی نەبێت وەك ساڵانی تر.


هەروەها، گۆرانکاریەکی گەورە بە دی دەکرێت لە نێوان ساڵانی 2011 و 2012 کە لە 129.9 دابەزیوە بۆ 139.2 و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی زێر، نەوت، کارەبا، هەزینەی خوێندن، هەروەها نرخی ئوتومبیل و هەزینەی پزیشکەکان وکەرستەی خواردن وگشت بابەتی تر لە ساڵی 2012 .

***سەبارەت بە ساڵانی 2013 و 2014***، بەرزیوونەیەك بە دی دەکرێت لە سەبەتی کەل وپەلی زۆربەی بەشەکان کە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران لە سوریا و ئاوارەی ناوخۆیی لەپارێزگاکانی تری عێراق.


ئەو بەشانەی کە بەرزبوونەیان بەخۆوە بینیوە برێتن لە: خواردن و خواردنەوە ناکهۆلیەکان بە ڕێژەی 2.5٪، خواردنەوە کهۆلیەکان و توتن بە ڕێژەی 3.8٪، جل وبەرگ و پێلاو بە ڕێژەی 3.2٪، خانوو (خانوو، ئاو، کارەبا، غاز) بە ڕێژەی 11٪، پێداویستیەکانی ناوماڵ و چاککردنەوە بە ڕێژەی 3.3٪، تەندروستی بە ڕێژەی 1.7٪، پەروەردە بە ڕێژەی 7.1٪، و چێشتخانەکان بە ڕێژەی 4.4٪.

***سەبارەت بە ساڵانی 2014 و 2015*** بەرزیوونەیەك بە دی دەکرێت لە سەبەتی کەل وپەلی زۆربەی بەشەکان لە ساڵی 2015. ئەو بەشانەی کە بەرزبوونەوەیان تۆمار کردووە لەم ساڵەدا بریتین لە: خواردنەوە کهۆلیەکان و توتن بە ڕێژەی 1.9٪، خانوو (خانوو، ئاو، کارەبا، غاز) بە ڕێژەی 9.5٪، تەندروستی بە ڕێژەی 5.6٪، پەیوەندیەکان بە ڕێژەی 6.0٪، ڕۆشنبیری بە ڕێژەی 4.7٪، و چێشتخانەکان بە ڕێژەی 3.9٪.

ژمارەی پێوانەیی لە هەرێمی کوردستان لە 2009-2015





ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان




لەم وێنەیەدا ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە لە ساڵانی 2010- 2015 پێشاندراوە. هەروەك لە وێنەیەدا هاتووە ڕێژەی هەڵاوسان لە ساڵی 2015 بە ڕێژەی 0.7٪ دابەزیوە بە بەراورد لەگەڵ 2014. هەروەك دیارە، ڕێژەی 0.7٪ کە لە 2015 تۆمارکراوە نزمترین ڕێژەیە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی تر (2010، 2011، 2012، 2013، 2014) و بەرزترین ڕێژە (7.2٪) لە 2012 تۆمار کراوە.

شایانی ئاماژە پێدانە کە ساڵانی پێشوو بەرزبوونەوەی زیاتر پێشان دەدەن لە نرخەکان بەهۆی گەشە کردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی کە لە سەرەتای ساڵی 2015 ڕووی دا بە هۆی بارودۆخی سەختی ئابووری و بڕینی بەشی بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدرالی عێراقەوە و هەروەها دابەزینی نرخی نەفت و بوونی زیاتر لە 1,500,000 لە پەنابەرانی سوری و ئاوارەی ناوخۆیی عیراقی لە هەرێمی کوردستان، نزمبوونەوەیەکی بەرچاو لە نرخەکان ڕووی داوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشتر.

ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان بە پێی ساڵی بنەڕەت (2007)




لەم وێنەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە بە بەراورد لەگەڵ 2007 بەرز بووتەوە بۆ 50.1٪ کە ژمارەیەکی زۆر بەرزە. ئەم هەڵاوسانە دەگەڕێتەوە بۆ بەرز بوونەوەی نرخی بەکاربەر لە نرخی کەل وپەلی خۆراك و گشت کەل وپەلەکانی تر کە بەکاربەر بەکاریان دەهێنێت بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2007. ئەمە بەرزبوونەوەیەکی سروشتیە بە گوێرەی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە هەرێم بەدی دەکرێت لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری لەم ساڵانەدا.


***تێکرای ژمارەی پێوانەیی و هەڵاوسان بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2015***

لە پارێزگای هەولێر ژمارەی پێوانەیی بۆ ساڵی 2015 گەیشتە 163.4٪ کە بە بەراورد لەگەڵ 2014 بە ڕێژەی 0.8٪ نزمبوونەوە پێشان دەدات.

لە پارێزگای سلێمانی ژمارەی پێوانەیی بۆ ساڵی 2015 گەیشتە 140.8٪ کە بە بەراورد لەگەڵ 2014 بە ڕێژەی 2.4٪ بەرزبۆیەتەوە.

هەروەها لە پارێزگای دهۆك کە ژمارەی پێوانەیی 145.2٪ تۆمار کراوە بە ڕێژەی 0.6٪ بەرزبوونەوە پێشان دەدات بە بەراورد لەگەڵ 2014.

**ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە بۆ پارێزگاکانی کوردستان لە ساڵی 2015 بە بەراورد لەگەڵ 2014**



بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە :

تەلەفون: 964+ (0)662559170

ئیمەیل: contact@krso.gov.krd

ماڵپەڕ: www.krso.gov.krd

زنجیرە 38